## یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، لە پاڵ دەسەلاَتدارانداً
## لە دژی بەرژەوەندییەکانی مامۆستایان لێبڕوانە خەبات دەکات!!

شێرزاد فاتح 10 ی ئاپریلی 2005
Sherzad_f@yahoo.com
Tel. 0046 73 57 15 449

ماوەیەکە لە نێو بەشێکی زۆر لە مامۆستایاندا لێرەو لەوێ دەنگی ئیعترازو ناڕەزایەتی بەرز بووەتەوە ، لەبەرامبەر نەدانی دەرماڵە و چەندین بێماڤ تر دەههق بە مامۆستایان، ئەم ناڕەزایەتییە تا هات پەرەی سەندوو سەرەنجام 10 ی ئەپریل لە خۆپیشاندانێکی شکۆداردا تەقیەوەو بەبێ گوێدانە هەڕەشەو گوڕەشەکانی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ، لە بەرامبەر بێ ماڤییەکانیاندا زیاتر لە 5000 هەزار مامۆستا دەستیان بە خۆپیشاندان کرد ، ئەم ناڕەزایەتییە هەر تەنها مامۆستایانی ناو شاری سلێمانی نەگرتەوە بەڵکو بەشێکی زۆر لە شارو شارۆچگەکانی ژێر دەسەلاَتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی لە ناوچەی سلێمانی لە خۆگرت.

لەچەند ڕۆژی ڕابردوودوا لە ماوەی بلاَوو بوونەوەی هەواڵی ئیعتراو ناڕەزایەتیەکانی مامۆستیان و گەیشتنی ئەم هەواڵە بە گوێی یەکێتی مامۆستایان ، وەك کاری هەمیشەیی ئەم ڕێکخراوەو وەك نواندنی ئەمەکدارییان بۆ دەسەلاَتداران ، سەرەتا کەوتنە هەڵەبەستنی بوختان و ناوزڕاندنیان و دەرکردنی هەڕەشەنامە لە دژیان وە بە مامۆستایانیان ووت ئەمانە خەڵکی خڵەفاون و بێویژدان و تازەدامەزراون، وە ووتیان دەستێك و مەرامێکی سیاسی لە پشتی ئەم کارەوە هەیە، کە زانیان هەڕەشەو گوڕەشە دادیان نادات و مامۆستایان هەرچی زیاتر خەریکی خۆسازدان و ئامادەکارین بۆ خۆپیشاندان ، ئەمجا سەرۆکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان عومەر شیرەمەڕی لە تەلەفیزیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە کەوتە هەڕەشەو گوڕەشەو بانگەوازی مامۆستیان و بەڕێوەبەرەکانی کرد کە بەشداری لەم کارەدا نەکەن..!!

هیچ سەیر نیەو زۆر ئاسای و چاوەڕوان کراوە کە سەرۆکی یەکێتی مامۆستایان بەم شێوەیەو لەدژی بەرژەوەندیەکانی مامۆستایان قسە بکات و هەرەشە لە مامۆستایان بکات، هەر لەسەرەتای دروست بوونی ئەم یەکێتیەوەو قۆرغ کردنی لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە و بەکار هێنانی وەك دەزگایەکی چەواشەکاری و شێواندنی ڕاستییەکان لە مامۆستایان یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی ئەم یەکێتییە بووە بە پاڵپشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. یەکێتی مامۆستایان بێ هیچ سڵەمینەوەیەك و دور لە هەموو عورف و پرەنسیپێکی رێکخراوەیی ، وەك دەزگایەکی سەرکوتکەری خاوەن دەسەلاَت وەك هەمیشە دەکەوێتە هەڕەشەو تۆڵە سەندنەوە لە مامۆستایان.

لە ساڵی 1995 دا و دوای ئەوەی کە سێ مانگ و نیو ئێمە مامۆستایانی کوردستان مووچەمان وەرنەگرت و تەنانەت مامۆستایان ناچار کران لە پێناوی بژێوی خۆیان و خێزانەکانیاندا دەست بۆ کارکردنی ناشیاو بە ئاست وجێگەو ڕێگەو کاری تایبەت بە خۆیان بەرن، وە مامۆستا ناچار کرا کە هەر مانگە و پارچەیەك لە کەل و پەلی ناوماڵ و تەنانەت بەڕەی ژێر خۆشی بفرۆشێ لە پێناوی بژیوی خێزانەکەیدا، ئا لەم کاتەدا کاتێك ئێمە جەمعێك لە مامۆستایان دەنگی ئعترزاو ناڕەزایەتیمان لە دژی ئەم بێمافییانە بەرز کردەوە ، یەکێتی مامۆستایان کوردستان بە مامۆستایانی کوردستانی ڕادەگەیاند کە سەبرو تەحمول بکەن وسك بگوشن و "سەری بەرزتان بۆ مووچە نەوی مەکەن" ، هەر ئەو کات ئێمەش بەم قسە پووچ و بێناوەڕۆکەی ئەوان نەخەڵەتاین و ناڕەزایەتی خۆمان درێژە پێدا و" ڕێکخراوی مامۆستایان لە کوردستان"مان پێك هێنا وەك ئالیەتێك بۆ ڕێکخراووبوونمان و جێبەجێ کردنی داخوازییەکانمان ، تەنها چەند ڕۆژێکی کەم دوای دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەو دوای ئەوەی کە بە لێشاو مامۆستایان ڕیزەکانی یەکێتی مامۆستایانیان بەجێ دەهێڵاو بەم ڕیکخراوە نوێ یەوە پەیوەست دەبوون. لەبەر سەرای شاری سلێمانی و لەبەرزترین جێگادا لە سەر لافیتەیەکی گەورە داخوازییەکانی مامۆستایانمان ڕاگەیاند و ماوەیەکمان دیاری کرد بۆ جێبەجێکردنی ، لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا موچەی دوومانگ بەسەر یەکەوەو دواتریش مووچەی مانگی سێیەمیان بەسەر هەموو مامۆستایاندا دابەش کرد ، کەچی هەتا ئەو کاتە بە ئێمەیان دەگوت حکومەتەکەمان ساوایەو هێشتا پێی نەگرتووەو پارەمان نییە. دوای ئەوە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان هەراسانیان لێهەڵگیراو کەوتنە هەڕەشەو گوڕەشەو شکایەت کردن لای پۆلیس و دام ودەزگای سەرکوتگەری ئاسایشی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە دژی مامۆستایانی ناڕازی، بۆیە دەمەو عەسرێك کە نۆبەی خەفەری من بوو لە نوسینگەی ڕێکخراو پۆلس دای بەسەرمانداو ئێمە کە 14 مامۆستا لەو کاتەدا لەوێ بووین ، بە زۆری چەك و

هەڕەشەی لێدان و زیندانی هەموومانیان برد بۆ پۆلیسخانەی سەرا و نزیکەی 4 سەعات دەست بەسەریان کردین ، وە لەوێ بەرپرسی پۆلیسی سلێمانی کەوتە هەرەشەو تەهدید کردنمان بۆ دەست هەڵگرتنمان لە کاری ڕێکخراوەیی ، وە ووتی نابێ جگە لە یەکێتی مامۆستایان هیچ ڕێکخراوێکی تری مامۆستایان هەبێت. سەعات 7 ی سەر لە بەیانی ڕۆژی دوای ئەوە مەفرەزەیەك لە کورە ئازاکانی پۆلیس لە کاتێکدا کە بنکەی ڕێکخراو (کە لە پشتی بازاڕی خەفافەوە بوو) هێشتا نەکرابووەوە و کەسی لێنەبوو ، هەڵیان کوتایە سەر بنکەکەمان و دەرگاکەیان شکاندوو هەرچی ئەرشیف و ئەوراق و شتمان هەبوو لەگەڵ چەند کورسی شڕو و مێزە شکاوێکدا ، بە تاڵانی بردیان بۆ بۆلیسی سەرا.  کاتێك ئێمە بەم گرتن و هەڕەشانەی ئەوان نەترساین و دەستمان لە نارەزاەتی خۆمان هەڵنەگرت ، چەند کەس لە مامۆستایان چوون بۆ وەرگرتنەوەی کەل وپەلەکانمان ، پۆلیس هەر لەوێ یەکێك لە هەڵسوڕاوەچالاکەکانی ڕێکخراویان بە ناوی مامۆستا " جاسم غەفور" * دەستگیر کردوو بۆ ماوەی 9 ڕۆژ زیندانییان کردوو هەڕەشەو گوڕەشەی زۆرو داوای پاکانە پڕکردنەوەیان لێ کرد لە ڕێکخراوی مامۆستایان. شایانی باسە دوایش لەبەر شەرمەزاری کارەکەی خۆیان نەیاندەزانی کە چۆن و کەی ئازادی بکەن لە زیندان، بۆیە هەر خۆشیان دیرامایەکی کۆمیدیان دروست کردو "خەسەرەو بابان" سەرۆکی ئەو کاتەی یەکێتی مامۆستیانیان ڕاسپارد وەك باشترین ئەکتەر بۆ بینینی ئەو دەورە، وە ئازاد کردنی مامۆستا جاسم یان کرد بە خەڵاتی دەستی خۆیان بۆ مامۆستایان.

دوای ئەوەی کە بۆ چەندین ساڵ ئەچێت ناچار کرام بواری پەرەوەدە وەك مامۆستایەکی هەمیشە معتەرز و نازاڕی بەو وەزعییەت و ژیانەی کە تێدا دەژیام بەجێ بهێڵم ، لە لایەك ئاگاداری بێمافییەکانی مامۆستایانم، وە لە لایەکی تریشەوە شاهیدی هەڵوێستی فریوکارانەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستانم لەبەرامبەر مامۆستایاندا، وە بۆ هەمیشە لام ئاشکرایە کە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ڕێکخراوێکی سەرو مامۆستایانەو ئامرازی دەستی دەسەڵاتدارانەو هیچ بەرژەوەندییەکی لە گەڵ ماف و خواستەکانی مامۆستایاندا نییە.
بۆیە جێگای خۆیەتی لێرەدا بڵێم سڵاو لە مامۆستایانی ناڕازی و دەستتان خۆش بۆ بێدەنگ نەبوون و بەتەنگەوەهاتتان لەبەرامبەر بێمافییەکانتاندا ، هەمیشەش خۆم بە پشیوانی داخوازی و داواکارییەکانتان دەزانم.

**سەرکەوتوو بێت خەباتی مامۆستایان لە پێناوی بەدەستاهێنانی داخوازییەکانیان**

**شێرزاد فاتح**
**10 ی ئەپریلی 2005**

..........................................................................................................................................

★ شایانی باسە لە کاتێدا کە مامۆستا جاسم لە زیندان بوو، ئێمە جەمعێکی 8 کەسی لە لیژنەی باڵای ئەو کاتەی ڕێکخراوی مامۆستایان لە کوردستان ، سەردانی ماڵی ئەوانمان کردو باوکی دوای بەخێرهاتنی گەرممان لە کاتێکدا کە باری تەندروستی تەواو نەبوو کەوتە قەسەو باس کردن لەگەڵماندا ، ئێمە نیگەرانیمان دەربڕی لەبەرامەبەر دەزگای ئاسایشی یەکێتی داو بەردەوام بوونی خۆمان پێ ڕاگەیاند لە ئیعترازو ناڕەزایەتی نیشان دان تا بەدەستهێنانی داخوازییەکانی سەرجەم مامۆستایان وهەروەها ئازاد کردنی جاسم ، مام غفور ووتی مایەی شانازیمە جاسم لە زیندانە و من لەوە نیگەران نیم "بەڵام باشتر وایە کە جاسم بڕوات دەست بە کرێکارانەوە بگرێت ، چوونکە مامۆستا کە مووچەکەی وەرگرت ئیتر دەنگی لێوە نایەت و لە پیشەکەی ئەترسێ کە لە دەستی بدات ، بەڵام کرێکار چوونکە هیچی نییە لە دەستی بدات لە هیچیش ناترسێ "، لە کاتێکدا کە بەداخەوە مام غفور بە هۆی نەخۆشییەوە گیانی دەست داو لە ژیاندا نەماوە ، بەڵام  هۆشیاری و تێگەیشتوی ئەو و قسەکانیم هیچ کات بیر ناچێتەوە.